# فرمێسکی ناسیونالیستی کورد بۆ مردووەکان، بە مەبەستی سەرکوتی زیندووەکانە!

## لە پەراوێزی سوتاندنی "مۆنۆمێنێـی" قوربـانیانی هەڵە بجەدا

سامان کەریم

خەڵکی هەڵەبجە، کەسوکاری قوربانیانی کیمیایی بارانەکەی دەستی حکومەتی ناسیونالستی بەعس، لاوان‌و خوێندکارانی هەڵەبجە، لەرۆژی 3/16دا دوای 18 ساڵ لە کیمیایی باران‌و پاش 15ساڵ لە دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەدەسەلاتدارانی ناسیونالستی کوردیان ڕاگەیاند، کە "ئیتر ئێوە بۆتان نیە نوێنەری ئێمە بن" کە ئیتر ڕێگا نادەین" بەناوی قوربانیانی کیمیایی باران‌و کەس‌و کارو خۆشەویستانی ئێمەوە باخەڵی خۆتان پڕبکەن". ئەمرۆژە بەحەق ڕۆژی دابڕانی هیواو ئامانج‌و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بوو لەگەڵ دەسەلاتدارێتی ناسیونالیستی کورددا. دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی فرمێسکی چەواشەکارانە بۆ قوربانیان هەڵدەرژێت، بۆئەوەی سەرکوتی زیندووەکانی پێبکات. دەسەلاتدارێتی حزبەکانی کوردایەتی مۆنۆمێنتیان دەوێت بۆ پارە کۆکردنەوەو بۆ ئەوەی بیکەنە ڕەمزی نەتەوەپەرستی‌و هەستی نەتەوەیی پێ بەهیز بکەن، بەلاْم دایکی 3 یان لە قوربانیانی کیمیایی بارانەکە لە ڕادیۆی نەواوە بەدەنگی بەرز دەڵیت: "بەچی دەچێت مردوو ماڵی هەبیت، بەلاْم من بێ خانوو بم"!.

ئەمە هاوارو ناڵەی کەس‌و کاری قوربانیانی هەڵەبجەیە، ئەوە ڕق‌و ناڕەزایەتی پەنگ خواردووی سەرتاسەری خەڵکی کوردستانە لە دژی دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی کورد. ئەوان ڕۆژ بەڕۆژ سەرمایەکانیان کەڵکە دەکەن‌و تەلارەکانیان لە فرعەونئاوا گەورەتر دەکەن‌و کۆشکە سپیەکانی ئەندامانی سەرکردایەتیان ڕۆژ بەرۆژ بەرەو سەر دەچێت، کەچی فەرمانبەران‌و مامۆستایان‌و کریکاران پیویستیان بەوەهەیە دوکاریان هەبیت‌و شەوورۆژ بخەنە سەریەك بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی خیزانەکانیان دابین بکەن. بەلاْم سەرەرای ئەوەش تەواوی پارەوپولێك کە لەبەغداوە تەرخانکراوە بۆ کاری خزمەتگوزاری هەرهەمووی لوشدەدرێت‌و هیچ کەس نازانێت چۆتە گەرووی کام یەك لەو فرعەونانەوە!. خەڵك بەمە ڕازی نابێت‌و هەڵەبجە دوا پەیامی نابێت!!

لە بەرانبەر خۆپیشاندانی خەڵکی هەڵەبجەو ڕۆژی 3/16ی ئەمساڵدا، هێنانەوەی باسی سوتانی مۆنۆمێنێت بەتەواوی سیاسەت‌و ڕاگەیاندنێکی چەواشەکارانەیەو بۆ ڕوسپیکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و تاوانەکانیەتی. بەلاْم "مۆنۆمێنت"ەکە بۆ سوتا؟! زۆر بەسادەیی لە بەرئەوەی ئاسایش تەقەی کرد لە خۆپیشاندەران، وە لە نێو مۆنۆمێتەکەوە تەقەی کرد، ئەوەی ئاژاوەگێری کردو تاوانی کرد ئەوە خۆپیشاندەران نەبون، بەڵکو ئاسایش‌و چەکدارەکانی یەکێتی نیشتمانی خۆیان بوون. مێژووی هەموو خۆپیشاندانەکانی کوردستان لە ئاکرێوە تاکو کەلارو کۆیەو کەرکوك‌و سلێمانی‌و هەڵەبجە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ئاسایش‌و چەکدارەاکانی دەسەلاتداران خۆیان ئاژاوە گیرن، ئەوان زیاتر لە 4ساڵ شەرێکی خەستی نێو خۆیان کرد کەچی بە خۆپیشاندەران دەڵێن ئاژاوە گیر! بەلاْم یەکێتی نیشتمانی‌و ئیدارەکەی‌و بەهەموو ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانی خۆی‌و حزبەکانی بن دەستی‌و کۆکردنەوەی ئیمزای حزبە کیسە هەڵدروەکان‌و هاوپەیمانانی لە ئیسلامی‌و پارتی دیموکراتی کوردستان چەند ڕۆژە هاواریان لێهەستاوە دەلێن " دەست هەیە" ئەو دەستەی کە خەڵکی هەڵەبجە خۆیان دەڵێن یەکێتی "تەوقەی لەگەڵ دەکات". ئەگەر دەست هەیە" کاری ئیدارەی سلێمانی‌و ئاسایشەکەی ئەوەیە ڕێورەسمێگی دروست‌و گونجاوی ئەمنی دابرێژێت بۆ سەلامەتی خۆپیشاندانەکەو خەڵکی شارەکەو لەهەمانکاتدا خەریکی برینی ئەو دەستە بێت، بەلاْم بە پێچەوانە دەستەکە لەگەڵ خۆیاندایە لە بەغداوە تا هەولێر لە حوکم‌و حوکمڕانیدان‌و تەوقەیان لەگەل دەکەن‌و هاوپەیمانیان لەگەڵ دەبەستن، بەلاْم تەقە لە خەڵك دەکەن. پاشان ناسیونالیزمی کوردو هەر دوو حزبەکەی تاکو کەی دەلێن "دەست" هەیەو بیریك لەوە ناکەنەوە بۆچی ئەم دەستە ئاوا بەتوانایەو دەتوانێت خەڵکی کوردستان ئەمدیوو ئەودیو بکات‌و بەقازانجی خۆی بەگەریان بخەن؟ !ئەمە پرسیارێکە کە دەسەلاتی یەکیتی‌و پارتی نە دەتوانن ئاراستەی خۆیانی بکەن وە نە دەتوانن وەلامی پێبدەنەوەو لەهەمانکاتدا جوینەوەی ئەوەی کە "دەست هەیە" پێش ئەوەی خالێکی بەهێز بێت بۆیان ، خالێکی زۆر لاوازەو نیشاندەری ئەوەیە کە دەسەلاتێکی لەرزۆك‌و بێپایەیان هەیە.

لای دەسەلاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی مردوەکان مقدەسن‌وزیندوەکان دەبیت سەرکوت بکرێن‌و بێماف بکرێن. بەلاْم جینۆسایدی حکومەت‌و دەسەلاتێکی کونەپەرستی قەومی وەك بەعس، بۆچی دەبێت بە نێوی "مقدسات"ی نەتەوەیەکی ترەوە بنوسرێت! ئەوە ڕەمزی کۆنەپەرستی‌و وەحشیگەری بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبە، قوربانیانی کیمیایی بارانی هەڵەبجەش هێمایەکە بۆ گەندەڵی‌ۆ بۆگەنی فکرو سیاسەتی ناسیونالیزمی عەرەب. مۆنۆمێنێتی هەڵەبجە بۆ کۆمەڵگای بەشەری‌و خەڵکی ئازادیخوازی دنیا هیمای کۆنەپەرست بونی بزوتنەوەی ناسیونالستی‌و عەرەب گەندەڵی نێزامێکە کە تونای بەکارهێنانی ئەو چەکەی هەیە. ئەگەر حکومەتی بەعس

وەك نوێنەری ناسیونالیزمی عەرەب جورئەتی ئەوەی لەخۆ نیشاندا كە بەجاریكو بەسیانیدو خەردەل 5000هەزار ئینسان بكوژێت، ئەوا ئەمەریكا لە هیرۆشیمادا، چەند قاتو چەند بار ئینسانی لەیەك چركەدا كۆمەڵكوژ كرد. ئەوانە نیشانەدەری وەحشیگەری نیزامێكن كە ناوی "سەرمایەدارییە" لەشوێنیك نوینەرەكەی ناسیونالیستەو لە جیگایەكی دیكە ئیسلامیو لە لایەكی دیكە دیموكراتیو لە....

بەلاّم یەكێتی نیشتمانی چۆن وەلامی ڕۆژی 3/16ی ئەمساڵی داوەتەوە؟ وەلاّمی سەرەكی یەكێتیو ئیدارەكەی لە سلێمانی سەركوتە. لەوڕۆژەوە و لەژێر ناوی ئەوەی "دەستێك" هەیە لە شاری هەڵەبجەدا نیزام عورفیەك ڕاگەیەنراوە، كە بێپرس ماڵان دەگەڕینو دەگەڕین بەدوای هەڵسوڕاوانو ڕابەرانی خۆپیشاندانەكەداو لەهەمانكاتدا دەیان كەسیان خستۆتە نێو زیندانەوە. لەلایەكی تریشەوە بۆ كپ كردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتیو وەكو پیشەی هەموو جاریكیان لەدوای خۆپیشاندان، ئەمجارەش كۆمەڵێك پەیمانیان داوە بۆچاككردنی باری خزمەتگوزرای شارەكە. پەیمانو بەڵینەكانی یەكێتی تا ئێستا بستێك بڕی نەكردوە، بەلاّم قەیدی نیە، لەسەر ئەمەیان لەم وتارەدا قسەیەك ناكەم. بەلاّم سەركوتی یەكێتیو ڕەش بگیریەكەی دەرخەری ئەوەیە كە ناوەرۆكی ئەم دەسەلاتە دژە بە ئازادیخوازیو ویستو خواستی ئازادانەی خەڵكی كوردستانو لاوانو كەسوكاری قوربانیانی هەڵەبجە. خەڵك بۆیە نەفرەتی لەحكومەتی بەعس كرد چونكە سەركوتی دەكردو ڕەش بگیری دەكرد، ئەمڕۆ یەكێتی نیشتمانی خەریكە هەمان عادەتو بەهەمان ئاستی بەرفراوانی دەكاتە عادەتی ئیدارەكەی. ئەم وەلاّمە نەزۆكەو خەڵك لەبەرانبەریدا بێشك ڕق ئەستور دەبێت. ڕیگای سەركوت تولەڕێیەكی باریكە، لە كەندەلانێكدا بزر دەبێت.

بەكورتی خەڵكی كوردستان، پێویستیان بەوە هەیە بەزوترین كات وەلامی خواستەكانیان بدرێتەوە، لەدابینكردنی خزمەتگوزارییەكانی ئاوو كارەباو ڕیگای قیرتاو كردنەوەی هۆلەكانی وەرزشیو مەلەوانیو میوزیكیو ئەنتەرنێتیو كتێبخانەو تا دەگاتە ئەوەی كە مافە سیاسیەكانیانو لە ریزی پێشەوە مافی خۆپیشاندانو ئازادی رەئی بیقەیدو شەرت وەكو یاسا ڕابگەیەنرێت، لەهەمان كاتدا خواستی بەرزبونەوەی موچەكانیان خواستێكی فەورییەو موچەی ئێستایان بەشی تەنها یەك هەفتە زیاتر ناكات... بۆ جێبەجێبونی ئەم خواستانە، ڕیگا ئەوەیە كە ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانەكان ڕیكخراوتر بكرێن، سەرتاسەری بكرێتو خواستو دروشمەكان یەكگرتوو بكرێن. ئەمكارە لەڕێگای هەڵسوڕاوانو ڕابەرانی خۆپیشاندانەكانو هەڵسوراوانی نیو لاوانو خوێندكارانو مامۆستایانو كرێكارانو كاسبكارانەوە بەشێوەیەكی گونجاو مەیسەر دەبێت. حەلقەی یەكەم ڕیكەوتنی ڕابەرانو هەڵسورانی ئەم بزوتنەوە بەرحەقانەیەو پاشان هەنگاوی دووەم پێكهێنانی ڕیكخراوی جۆاروجۆری مامۆستایانو خوێندكارانو لاوانو یان پێكهێنانی ریكخراوی دەستەكانی نوێنەرانی شارو شارۆچكەكانەو پاشان یەكگرتوكردنیان لە ڕیكخراوێكی سەرتاسەری كە بتوانێت ناڕەزایەتی تەواوی بزوتنەوە ناڕەزایەتیەكانی كوردستان ڕابەریو ئاراستە بكات لە پێناو دابینكردنی خواستە ئینسانیەكانیاندا. حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی لەم ڕێگایەدا خەباتی خۆی دەباتە پێشەوە.

20/ئازار/2006